# فیمینزم لە شیعرەکانی هێمندا

توێژەر: پ.ی. د. فەرهاد قادر کەریم الباحث: ا.م.د. فرهاد قادر كريم

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت – زانکۆی گەرمیان كلية التربية الاساسية- جامعة كرميان

الايميل : farhadq97@yahoo.com

This work is licensed under a Creative Commons Attribution 4.0 International License.

پوختە:

هێمن موکریانی (١٩٢١-١٩٨٦) شاعیری نوێخوازی کورد، بایەخێکی تەواوی بە ژن و کێشەو گرفتەکانی داوە و باوەڕی بە مافی یەکسانی ژن و پیاو هەبووەو هانی ژنانی داو بۆ تێکۆشان لە پێناو فەراهەمکردنی ژیانێکی بەختەوەر بەئامانجی پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی دروست و پێشکەوتوو، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستییانە لەو دیاردەیە بدوێین، بەپێویستمان زانی ئەم توێژینەوە لەژێر ناوی (فیمینزم لە شیعرەکانی هێمندا) ئەنجام بدەین، کە دابەش ئەبێتە سەر دوو بەشدا ، لە بەشی یەکەم کە بەناونیشانی (چەمکی فیمینزم و پێگەی ژنی کورد)ە ، سەرەتا چەمکی فیمینزمان ڕوونکردووەتەوە، پاشان بەکورتی لەبارەی پێگەی ژنی کورد لە سەدەی بیستەم دواوین، لەبەشی دووەم کە بەناونیشانی(فیمینزم لە شیعرەکانی هێمندا)یە، تیشکمان خستووەتە سەر تێڕوانینی هێمن لەسەر(سێ) پرسی سەرەکی پەیوەست بە ژنانی کورد، ئەوانیش (چارشێو و ئازادی ژن ، خوێندن ، خەبات)ن ، کە هەریەک لەمانە کەرەستەی بنەڕەتی بزوتنەوەی فیمینزمین و بایەخی تەواویان پێداوە، لەبەر ڕۆشنایی دەقە شیعرییەکانی هێمندا هەوڵمانداوە بە وردی بۆچوون و دیدگای شاعیر لەبارەیانەوە دەستنیشان بکەین و لەکۆتاییشدا ئەو ئەنجامانەمان خستووەتەڕوو، کە پێیان گەیشتووین.

وشە کلیل: هێمن ، فیمینزم ، خوێندن، خەبات، ئازادی

# النسوية في أشعار هيمن

أ.م.د. فرهاد قادر كريم
جامعة كرميان – كلية التربية الأساسية
الايميل : farhadq97@yahoo.co

**المستخلص :**

هيمن موكرياني واحد من الشعراء الحداثويّين الكرد البارزين في القرن العشرين، وقد قدّم الشاعر طيلة (٦٥) عاماً من عمره عدداً كبيراً من النصوص الشعرية المتميزة في ميدان الأدب الكردي، وأخذت المرأة وحقوقها ومشاكلها حيّزاً كبيراً من مضامين أشعاره، وبغية إظهار هذا الجانب من شعره والحديث عنه قمنا بإنجاز هذا البحث الموسوم (النسوية في أشعار هيمن)، ويتألف البحث من فصلين رئيسين، أمّا الفصل الأول فقد جاء تحت عنوان: (مفهوم النسوية ومكانة المرأة الكردية)، وهذا الفصل ينقسم إلى مبحثين: الأول خُصّص للحديث عن مفهوم النسوية والثاني خُصّص لبيان مكانة المرأة الكردية في القرن العشرين. أمّا الفصل الثاني فكان بعنوان: (النسوية في أشعار هيمن)، وفيه دار الكلام حول انعكاس النسوية وظهورها في أشعار هيمن كمّاً وكيفاً، ولبيان هذه الظاهرة فقد وقفنا عند ثلاث مسائل مهمة تتعلق بالمرأة، وهي: (الحجاب و حرية المرأة، والتعلم، والنضال)، ومن خلال عدد من النماذج الشعرية حاولنا أن نبيّن وجهة نظر الشاعر حول المسائل المذكورة آنفاً، وللوصول إلى هدفنا المنشود فقد اعتمدنا على مجموعة من المصادر العلمية، وفي الخاتمة سجّلنا أهم النتائج التي تمّ التوصل إليها.

**الكلمات المفتاحية: هيمن ، فيمينزم ، التعلم، النضال ، الحرية**

# Feminism in Hemin’s Poems

Assist-prof.Dr. Farhad Qadir Karim
University of Garmian. College of Basic Education.
E-mail farhadq97@yahoo.com

**Abstract**

Hemin Mokryani was one of the prominent modern poets in the twentieth century.Along his life (65), he formulated a lot of interesting poems which served Kurdish poetry.The major ideas of his poems were:womens' rights and problems that created it to society.We did this research for the sake of discussing these events in the poet's view . The research is divided into two sections.Section one in turn is also divided into two other subsections:

-Focusing on feminism.
-The role of women in 20th century.

Section two:Feminism in the poems of Hemin.It was elaborated by talking about quality, and quantity of feminism in his poems, three important subjects are chosen concerning women's case including:Education,striving and Hijab ; the subjects were analyzed and the poet's view was analyzed. Many reliable sources for reaching the aim have been consulted. Finally the conclusion is set down.

**Key Words** : Education, Feminism , Freedom, Hemin ,Strife.

## فیمینزم لە شیعرەکانی هێمندا

توێژەر: پ.ی. د. فەرهاد قادر کەریم الباحث: ا.م.د. فرهاد قادر كريم
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت – زانکۆی گەرمیان كلية التربية الاساسية- جامعة كرميان
الايميل : farhadq97@yahoo.com

### پێشەکی

هێمن موکریانی (١٩٢١-١٩٨٦) شاعیری نوێخوازی کورد، بایەخێکی تەواوی بە ژن و کێشەو گرفتەکانی داوە و باوەڕی بە مافی یەکسانی ژن و پیاو هەبووەو هانی ژنانی داو بۆ تێکۆشان لە پێناو فەراهەمکردنی ژیانێکی بەختەوەر بەئامانجی پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی دروست و پێشکەوتوو، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستییانە لەو دیاردەیە بدوێین، بەپێویستمان زانی ئەم توێژینەوە لەژێر ناوی (فیمینزم لە شیعرەکانی هێمندا) ئەنجام بدەین، کە دابەش ئەبێتە سەر دوو بەشدا ، لە بەشی یەکەم کە بەناونیشانی (چەمکی فیمینزم و پێگەی ژنی کورد)ە ، سەرەتا چەمکی فیمینزمان روونکردووەتەوە، پاشان بەکورتی لەبارەی پێگەی ژنی کورد لە سەدەی بیستەم دواوین، لەبەشی دووەم کە بەناونیشانی(فیمینزم لە شیعرەکانی هێمندا)یە، تیشکمان خستووەتە سەر تێڕوانینی هێمن لەسەر(سێ) پرسی سەرەکی پەیوەست بە ژنانی کورد، ئەوانیش (چارشێو و ئازادی ژن ، خوێندن ، خەبات)ن ، کە هەریەک لەمانە کەرەستەی بنەڕەتی بزوتنەوەی فیمینزمین و بایەخی تەواویان پێداوە، لەبەر رۆشنایی دەقە شیعرییەکانی هێمندا هەوڵمانداوە بە وردی بۆچوون و دیدگای شاعیر لەبارەیانەوە دەستنیشان بکەین و لەکۆتاییشدا ئەو ئەنجامانەمان خستووەتەڕوو، کە پێیان گەیشتووین.

### بەشی یەکەم : چەمکی فیمینزم و پێگەی ژنی کورد

#### چەمکی فیمینزم

پێش ئەوەی تیشک بخەینەسەر چەمکی فیمینزم ، بەگرنگی دەزانین ئەوە بخەینەڕوو، کە سەرچاوەی وشەکە لە زمانی لاتینییەوە هاتووە، پاشان هاتوووەتە ناو زمانی فەرەنسییەوە(Female)،کە

ڕیشەکەی لاتینییە بەواتای ڕەگەزی مێینە دێت (بڕوانە: د. عەباس سالح ، ٢٠٠٧ : ٤٧) (Abbas Salih, 2007:47) ، لێرەوە ڕوون دەبێتەوە، کە فیمینزم وابەستەی ژن و مەسەلە پەیوەستەکانیەتی ئاشکراشە فیمینزم پێش ئەوەی خۆی لە چوارچێوەی بزوتنەوەیەکی ئایدۆلۆژی سەربەخۆو ڕێکخراودا ببینێتەوە، بریتی بوو لەخواستێکی کۆمەلایەتی ناڕێکخراو لە پێناو بەدەستهێنانی ماف و یەکسانی بۆ ژن لە ڕۆژئاواداو دواتر(( بووە پرۆسیسێکی ڕووناکبیری، کە لەسەر بنەمای گریمانە دیاریکراوە ئایدۆلۆژییەکان شرۆڤەی نادادییەکانی ژنان و ئاواتەکانی ژنانیان دەکرد))(کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٠٨: ١٢٠ .(Some writers, 2008:120)

،کەواتا((بیرۆکەی فیمینزم لەسەر ئەم بنەمایە بونیادنراوە، کە کۆمەڵگە بەشێوەیەکی دادگەرانە، مامەڵە لەکەڵ ژن ناکات، بۆیە فیمینزم بەدوای هۆکارەکانی ئەم دۆخە دەگەڕێ، هەروەها چۆن ژن دەچەوسێنرێتەوە هاوکات چۆن کاردەکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەر سەبارەت بەرزگارکردنی ژنان)) ( هەریری، محەمەد ، ٢٠١٦: ٨) .(Hariri ,Muhammad , 2016:8)، فیمینزم خۆی لە خۆیدا درککردنە بە ناهاوسەنگی لەنێوان پێگەو ڕۆڵی ژنان وپیاوان لە کۆمەڵدا، هەربۆیە بە ڕووی بیری پیاوسالاریدا دەوەستێتەوەوکار بۆ ئەکات تێڕوانینێکی دروست و جیاواز لەوەی کە لەنێو کۆمەڵ لە ئارادایە، بهێنێتەکایەوە، چونکە((مەبەستی سەرەکی ئەم بزوتنەوەیە گۆڕینی هەلومەرجی ژیانی کۆمەلایەتی و کەلتوری و سیاسی ژنانە بە ئاراستەکردنی هەلومەرجێک، کە تێیدا ژن وەک بوونەوەرێکی یەکسان و خاوەن تایبەتمەندێتی مامەڵە بکرێت)) ( قانع ، مەریوان وریا ، ٢٠٠٦ : ١٤٢) (Qaniaa, Mariwam Wria, 2006:142)، ئاشکرایە هەموو ئەو شەپۆل و تیۆرانەی، کە لەژێر خانەی بزوتنەوەی فیمینزمدا کاردەکەن، کۆکن لەسەر ئەوەی ژنان لەدۆخێکی نادادپەروەرانەدا دەژین و ڕۆژانە پێشێلکاری و توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت، بەلام دەربارەی هۆکاری ستەم لێکردن و چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانیان لێکدانەوەو نەخشەڕێگای جیاواز دەخەنەڕوو، یەکێک لەکارە سەرەتاییەکانی فیمینستەکان بۆ بەدیهێنانی یەکسانی نێوان ژن و پیاو خۆی لە خواستی یەکسانی لەبواری پەروەردەو ڕۆشنبیری و خوێندندا بینییەوە ، لەم ڕووەوە (خاتوو ماری وڵستن)، کە یەکێکە لە تیۆرکارە بەناوبانگەکانی بزوتنەوەی فیمینزم لە کتێبەکەی (بەرگری لە مافەکانی ژنان ١٧٩٢) هەوڵی هێنانەدی یەکسانی ژن و پیاوی دەدا لەکۆمەڵگادا،ئامرازی ئەو بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافە پیادەکردنی سیستەمی پەروەردەکردن و ڕۆشنبیرکردنی کچانی کۆمەڵگە بووە.(بڕوانە: سەلیم ، نارین ، ٢٠٠٩: ١٣٠) (Saleem, Nareen,2009;130)

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە فیمینزم تەماشاکردنێکی فیمینستانەیە بۆ کۆمەڵگاو هەوڵێکە بۆ دەست خستنەسەر کێشەو لەمپەرەکانی بەردەم ژیانی مێینەو دۆزینەوەی ڕێگەچارەی واقیعیانەیە بۆی لەڕێگەی

سەپاندنی یاساو دادپەروەری لە ماف وداخوازییەکانیاندا، هەربۆیە کاری خۆی لە دوو ئامانجی سەرەکیدا دەبینێتەوە، یەکەمیان هۆشیاری سەبارەت بە پێگەی ژن وەک مرۆڤ لە کۆمەڵگادا، بەڵام مرۆڤێکی زیان بەرکەوتووو نایەکسان لەگەڵ پیاو، دووەمیان بریتییە لەخواستی لابردنی ئەو زیانەی بەر ژن کەوتووەو پێگەکەی لاسەنگ کردووە.

(بڕوانە: هەریری ، محەمەد ، ٢٠١٦: ٨-٩) (Hariri ,Muhammad , 2016:8-9 )

بەگشتی دەتوانین بڵێین فیمینزم ((لە بنەڕەتدا شۆڕشێکە دژ بە تێڕوانینی نەریتیانە بۆ ژنان و رۆڵیان لە کۆمەڵگادا ، لەو باوەڕەدان کە پشت بەستن بە فاکتەری بایۆلۆجی یاخود سایکۆلۆژی لە دابەشکردنی ئەرکەکان و جیاکردنەوەی هەندێ لەبوارەکان بۆ ژنانەو پیاوانە، ئاراستەیەکی ساختەیان بۆپێگەیاندنی لەخوارتر بوونی ژنان لەکۆمەڵگادا دروستکردووە)) (کۆمەڵێک نووسەر ، ٢٠٠٨ : ٩) (Some writers, 2008:9) گومان لەوەدا نییە ، ئەو نایەکسانی و توندوتیژییەی، کە بە درێژایی مێژوو ژنانی رۆژئاوای گرتبووەوەو پێیەوە ناڵاندوویانەو خەباتیان دژی کردووە، بە زیادەوە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی بەگشتی و کوردی بەتایبەتیشیان گرتبووەوە، هەربۆیە رۆشنبیرانی کورد بەتایبەتی شاعیران هەستیان بەو مەترسییە کردووەو هەریەکەیان بەپێی بیروباوەڕی خۆی و ژینگە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکەی لە شیعرەکانیاندا هەڵوێستیان نواندووە، بۆ ئەوەی زانستانەو لە چوارچێوەی سنووری توێژینەوەکەمان قسە لەسەر ئەو دیاردەیە بکەین ، پێویستە سەرەتا بەکورتی تیشکێک بخەینەسەر پێگەی ژنی کورد لە سەدەی بیستەمدا .

## پێگەی ژنی کورد لە سەدەی بیستەمدا

گەڕیدە رۆژهەڵاتناسەکان پێشەنگی ئەو کەسانەن ، کە لەسەر پێگەی ژنی کورد دواون ، ئەوان لە گۆشەنیگای ئەو دیمەن و رووداوانەی، کە لە گەڕانەکانیاندا بینیوویانە یا بیستوویانەو بەپشت بەستن بە تێگەیشتن و لێکدانەوەی خۆیان دیمەن و هەڵسوکەوتی ژنی کوردیان تۆمار کردووە، لەم باسەماندا هەوڵ دەدەین ئەو سەرنج و تێڕوانینانە بخەینەڕوو، کە لەبارەی تێڕوانینی کومەڵی کوردەوارین بۆ ژن و پێگەی لە بوارەکانی خوێندن و ئازادی و جلوبەرگ و خەبات ، بەوپێیەی ئەم بوارانە رەهەندگەلێکی گرنگن و فیمینستەکان بایەخی تەواویان پێداوە، سەرەتا روو لەو بۆچوونانەیان دەکەین، کە پەیوەستن بە جۆری جلوبەرگی ژنان و رادەی ئازادیان، دیمەنی سەرپۆش و عەبا نەکردنی ژنی کورد ئەو لایەنەیە، کە پێش هەموو لایەنەکانی تر سەرنجی رۆژهەڵاتناسەکانی بۆ لای خۆی راکێشاوەو بە خاڵێکی ئەرێنی و سیمای ئازادیان ناساندووە، لەم رووەو (سۆن) دەڵێت:- ((ژنەکانیان رووپۆشیان نییە و روخساری خۆیان

ناشارنەوە، هەرگیز ناشڵەژێن ، کاتێک لەبەردەم پیاوێکی بێگانەدا دەوەستن، دوو دڵ نین لە قسەکردن لەگەڵ بێگانەدا، ئەگەر پیاوگەل لەماڵ نەبوون ، هەڵئەسن بە دەوری خانەخوێیەکی زۆر چاک و میوانداری ڕێبواران و میوانەکان دەکەن))(سۆن ، ٢٠٠٧ : ٦٤) .(Son, 2007:64)، ئەمەشیان وەک تایبەتمەندییەکی ژنی کورد زانیوەو و لە ژنی میللەتانی وەک عەرەب و تورک و فارس جیایان کردووەتەوە.(بڕوانە: خصباک ،د. شاکر ، ١٩٧٢: ٤٤٦ هەروەها ادموندز ، ١٩٧٢: ١٤٢) (Khasbak,Dr: Shakir,1972:446 and Edmonds,1972:142)، لە ڕاستیشدا ئەمە ((نیشانەی ئازادی و سەربەستی ئافرەتی کوردە، چونکە ئەم کۆمەڵگەیە ئایین تیایدا باڵادەستە، کە بە خواستی خۆی جلوبەرگی هەڵبژاردووە، بێئەوەی بەسەریدا بسەپێنرێت)) (ئاوات ڕەحیم کەریم ، ٢٠١٧: ) (Kareem A,wat Raheem, ,2017:5) گومان لەوەدا نییە ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسەکان باسیان لێوە کردووەو دیمەنی گیراوە، زۆرتر ژنی لادێی کورد بووە، بەوپێیەی کورد درەنگ بە شارستانێتی شار ئاشنابووە، دیارە ژنی کورد هێندە بێ کێشەو گرفتیش نەبووە، ((ئافرەتی کورد، وەک هەموو ئافرەتانی جیهان، بەدرێژایی مێژوو گیرۆدەی بێ مافیی و زۆرو ستەمی کۆمەڵ بووە، ژمارەیەک لە دابونەریتە هەرە ناشرینە دەستکردەکانی ژیان ڕەگو ڕیشەیان لە ناوماندا داکوتاوە.))( مەزهەر ، د. کەمال ، ١٩٨١: ٧٦) (Mazhar ,Kamal, 1981:76). کەواتا ژنی کوردیش بەشی خۆی بە دەستی نایەکسانی و توندوتیژییەوە ناڵاندوویەتی، بەوپێیەی کۆمەڵگای کوردی بەشێکە لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییە پارێزگارەکەو باگراوندە ئایینی و پەروەردەیی و ژینگەیەکەی ڕۆڵی تەواوی لە بەخشینی سیمای پیاو سالاری بە کۆمەڵگاکە بینیووە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی گەلی کورد خۆی گەلێکی چەوساوە بووە بەدرێژایی مێژوو، دەبینین ژنی کورد دووجار چەوساوەتەوە، جارێک وەک کورد و جارێکی تر وەک مێینەیەک، بۆیە وتراوە:-((مێژووی کوردو مێژووی ژنی کورد، دوانەیەکی دیلن))( صدیق ،ئارام ، ٢٠٠٥ : ١٥٨-١٥٩).( Sdiq,Aram, 2005:158-159)

ئەمەش وایکردووە لە زۆر بواری وەک خوێندن و و ڕۆشنبیری دواکەوتوو بێت، ڕاستە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لە باشووری کوردستان دوو جار بەهۆی حکومەتەکانی (شێخ مەحموودی نەمر)و جارێکیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی کۆمارەکەی( پێشەوا قازی محەمەد)ەوە، کورد بووەتە خاوەنی دەسەڵاتی سەربەخۆ، بەڵام گرفت و لەمپەرەکانی ئەو حوکمڕانییانە لەپاڵ کەمی تەمەنیان بوارێکی ئەوتۆیان نەڕەخساند قەوارەیەکی دامەزراو کامڵ بنیات بنرێت، تاوەکو تاکی کورد بەگشتی و ژنان بەتایبەتی لە سایەیدا بەشێکی زۆری مافەکانیان دەستەبەر بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا بێ دەستکەوت نەبوون، چونکە لەو ڕۆژگارانەدا چ لەبواری خوێندن و چ لەبواری کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی و مافەکانی ژناندا، چەند ژنێک دەرکەوتن و وەک ڕۆژ لە ئاسمانی کوردستاندا درەوشانەوەو دەرگای چەند

قوتابخانەیەک لە بەردەم ژناندا کرایەوە، بۆ نموونە بەپێی ئامارێک، کە وەزارەتی مەعاریفی عێراقی لە ساڵی (١٩٢١)دا بلاوی کردووەتەوە، ژمارەی قوتابخانە سەرەتاییەکان لە پارێزگای سلێمانی (٣) قوتابخانە بوون و (١٣) مامۆستاو (٢٧٣) قوتابیان هەبوو

(بڕوانە : عومەر ، فاروق عەلی ، ٢٠٠١: ٢٨)(Omer ,Faruq Ali, 2001:28) ئەم ژمارەیە لە ساڵی (١٩٥٢)دا هەڵکشانێک بەخۆیەوە دەبینێت، بە جۆرێک لە شاری سلێمانی (١١٣٢) کچ لە قوتابخانەی سەرەتایی بوون و (٤٩) مامۆستایان هەبووە، کاتێک ئەم ژمارانە بەراورد بەکۆی گشتی کچانی سلێمانی(بێ کۆچەرییەکان) لەو ساڵانەدا دەکەین، کە (١٢٤٦٣٣) ژن و کچ بووە و ئەوانەی لە پێنج ساڵان زیاترو نەخوێندەواربوون گەیشتبووە (١٠١٨٨٦)کەس، دەبینین نەخوێندەواری باڵی بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا کێشاوە، لەم بوارەدا ناکرێت رۆڵی هەندێ کەسایەتی نادیدە بگرین ، یەکێک لەو ژنانە(حەپسە خانی نەقیب ١٨٩١-١٩٥٣)ە، کە خانوویەکی تایبەتی خۆی کرد بە بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری و هانی کچانی دا بۆ خوێندن.( بڕوانە: معروف ، د.ابراهیم طاهر ، ٢٠٠٤: ٢١٣ Maruf) (Dr.Ibrahim Tahir,,2004:213, ،(مەلای گەورە ١٨٧٦-١٩٤٣)، یەکێکی ترە لەو کەسانەی، کە بە پێشەنگبوونی لە ناردنی کچەکانی خۆی بۆ خوێندن بۆ قوتابخانە لە قەزای کۆیە، تەلیسمی مەحرووم بوونی کچانی لە خوێندن شکاندو هانی خەڵکی تریدا کچەکانیان بنێنە بەر خوێندن. (بڕوانە: حاجی ، مغدید ، ٢٠٠٨: ٧٢) .(Maghdid,Haji, 2008:72)، لەگەڵ چاوکرانەوەی کچان و ژنانی کوردو رووکردنیان لە قوتابخانەکان هێدی هێدی دەرگای چوونە نێو ریکخراوو بەشداری کردن لە چالاکی سیاسیان لە بەردەمدا کرایەوە، لەم بوارەشدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەم سێ ژنەی لای خوارەوە بدەین :

١- عادیلە خان: هاوسەری عوسمان پاشای جاف بووە، یەکێکە لەو ژنانەی دوای کۆچی هاوسەرەکەی دەسەڵاتی کارگێڕی و سیاسی دەڤەرەکەی(هەڵەبجە)کەوتەدەست و رۆڵی دیاری هەبوو لەبواری کاری سیاسیدا، چەند جارێک لەگەڵ (مێجەرسۆن) حاکمی بریتانی لە کوردستان کۆبووەتەوەو مەسەلەی کوردی لەگەڵدا تاوتوێ کردووە.(بڕوانە: معروف ، د. ابراهیم طارق ، ٢٠٠٤: ٢١٢) ( Maruf ) ,Dr.Ibrahim Tahir 2004:212)

٢- حەپسە خانی نەقیب : هاوسەری شێخ عەبدولقادری حەفید برای شیخ مەحموود بووە، لە رۆژگاری خۆیدا ژنێکی شۆڕشگێڕو سەنگین و کاریگەر بووە، چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی بووبووە مایەی سەرنجی دۆست وبێگانە، لەبواری کاری سیاسی و رێکخراوەییدا گەلێک رۆڵی بەرچاو بووە، لەوانە لە بیستەکان وسییەکانی سەدەی رابردوو چەند جارێک نامەی تایبەتی بۆ لێپرسراوانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێف ناردووەو تێیدا باسی لە ماف خوراوی گەلی کوردو داوای سەربەخۆیی کوردستانی کردووە. (بڕوانە: مەزهەر ، د. کەمال، ١٩٨١: ٧٩)

(Mazhar ,Kamal, 1981:79). هەروەک بەشداری و سەرپەرشتی ئەو گردبوونەوەو خۆپیشاندانانەی کردووە، کە لە سلێمانی دژی رژێمی عێراق و بریتانیا ئەنجام دراون ، حەپسە خان لە ساڵی (١٩٥٢) دەبێتە سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و تا کۆچی دوایی لەو پۆستە بەردەوام دەبێت.( بڕوانە: معروف ، د. ابراهیم طارق، ٢٠٠٤: ٢١٤-٢١٥) ( Maruf ,Dr.Ibrahim Tahir 2004:2015-2014)

٣- مینا خان (١٩١٢-١٩٩٨): هاوسەری پێشەوا (قازی محەمەد)ی نەمر بووە، لە کاری سیاسیدا پاڵپشتێکی زۆری هاوسەرەکەی کردووە، لەوبارەیەوە (د. کوردستان موکریانی) دەڵێت:-((کۆمەڵەی یایانی کورد، کە لە کوردستانی ئێراندا لە ساڵی ١٩٤٦دا دامەزراوەو (مینا خانمی) خێزانی شەهید قازی محەمەد بەرپرسی ئەم رێکخراوە بووەو ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ کۆماری مەهاباد بوو))( موکریانی ، د. کوردستان ، ٢٠٠٢: ٨٤)

(Mukryani ,Kurdistan,2002:84)

. دوای هاوسەرەکەشی بەردەوام بووە لە کاری سیاسی و لەو مەیدانەشد چەند جارێک زیندانی کراوە.(بڕوانە: معروف، د.ابراهیم طارق ، ٢٠٠٤: ٢١٥-٢١٦) ( Maruf ,Dr.Ibrahim Tahir 2004:216-215)

بەمچەشنە ژنانی کورد، وردە وردە هەنگاویان لە بوارەکانی خوێندن و کاری سیاسی و رێکخراوەییدا نا، کردنەوەی ناوەندە جیاوازەکانی خوێندن لەلایەک و زیادبوونی بڵاوکراوەکان و فراوانبوونی بزاوتە سیاسی و مەدەنییەکان دوو هۆکاری سەرەکی ئەو بەرەوپێشچوونەیان بوون . ئەمەش لەگەڵ دۆخە سیاسی و رۆشنبیرییە گشتییەکەی سەدەی بیستەمدا هەڵکشان و داکشانی بەخۆوە بینیووە، بۆ نموونە لە دوای بەیانی(١١)ی ئازاری(١٩٧٠) تا ساڵی(١٩٧٥)، ئەو گەشە پەروەردەیی و رۆشنبیری و سیاسییەی هاتەکایەوە، کارێکی باشی کردەسەر بەرەوپێشچوونی مەسەلەی ژنان و تەکانێکی ئەرێنی دا بە بواری خوێندن و رۆشنبیری و تەنانەت سیاسیش، ئەم حاڵەتە لە دوا دەیەی سەدەی بیستەم بەهۆی بەرپابوونی راپەرینی ساڵی(١٩٩١)ی باشووری کوردستانەوە، بەتەواوی گەشەی کردو لەگەڵ خۆیدا مەسەلەی ژنانی لە هەموو بوارەکان گەیاندە قۆناغ و ئاستێکی تازە، لەم نێوەندەدا دەیان رێکخراو دامەزران و سەدان ژن و کچی کورد لە باشووری کوردستان لە پلەو پۆستی سیاسی و حوکمڕانی و کارگێڕیدا دەرکەوتن، ئەو رێکخراوانەش((هەریەکەیان بەپێی بەرنامەو پلان و قەبارەو ژمارەی ئەندام و سنووری چالاکییەکانیان هەوڵی بەرەوپێشچوونی بزوتنەوەی ژنانیان داوە))( عەبدوللا ، کنێر ،٢٠٠٥: ١٠٢). ( Abdullah ,Kiner, 2005:102).

ئاشکرایە لە بواری داکۆکیکردن لە ژنانی کوردو دەرخستنی کێشەو گرفتەکانیان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان ، شاعیران رۆڵێکی کارایان هەبووە، هێمن موکریانی یەکێکە لەو دەنگە دیارانە، بۆیە بەشی دووەمی توێژینەوەکەمان بۆ دەرخستنی رۆڵی ئەو شاعیرە تەرخان کردووە .

بەشی دووەم : فیمینزم لە شیعرەکانی هێمندا

ژن لە نێو دەقە شیعرییەکانی هێمندا، ئامادەییەکی تەواوی هەیە، دەتوانین بڵێین بابەتێکی شیعری گرنگی لا پێکدەهێنێت ، بەبڕوای (د. قاسملۆ)((هێمن دەیەوێ ژن بەر لە هەموو شتێک خاوەنی مافی ئینسانی خۆی بێ ، زۆر جار دژی زۆرداری و بێحورمەتی نیسبەت بە ژن دەنگی خۆی هەڵدێنێ ))

(موکریانی ،هێمن (دیوان)، ٢٠٠٥: ٣٦)(Hemn Mukryani -Diwan, 2005:36) جوانی ژن و کێشەکانی بوونەتە هەوێنی دەیان دەقی شیعری و باڵای داهێنانیان پێکردووە، تێڕوانینەکانی بۆ ژن چ لەڕووی جوانیی و چ لەڕووی پێگەو مافەوە بەشێوازی جۆراوجۆر نەخشاندووە، نکۆڵی لەوە ناکرێت، کە لەباسی ژندا ((هێمن بە مامۆستاییەکی تەواوەوە شیعری هۆنیوەتەوەو لەباسی ئافرەت خۆی لە جوینەوە بە دوورگرتووە، هێمن جوانپەرستە لەگەڵ ئەو وەسفە جوان و ناسکە هەست بزوێنەی ئافرەت و کیژی لادێدا هەر بەوەوە نەوەستاوە، کە وەسفێکی جوانیان بکات، بەڵکو وەک شاعرێکی فیمینزم بەردەوام داوای مافی ئافرەتان کردووەو هەوڵی هۆشیارکردنەوەیانی داوە))( حەمە جەزا ، ڕەوەند ، ٢٠١٣: ٩١). (Jaza, Rawand Hama, 2013:91)

بەمەبەستی دەستنیشانکردنی زانستیانەی بیروبۆچوونەکانی هێمن لەسەر ژن و مەسەلە پەیوەستەکانی ، روو لە دەقە شیعرییەکانی دەکەین، لەوێشەوە لەو گۆڕانکارییانە ئاگادار دەبین، کە بەسەر بۆچوونەکانیدا لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر هاتووە.

ئاشکرایە ژن وەک بابەتی جوانی و خۆشەویستی سنوورێکی بەرفراوانی لە دنیای شیعری هێمندا گرتووە، ئەم لایەنە بووەتە کەرەستەی لێکۆڵینەوەی گەلێک لە نووسەرو رەخنەگران، هەربۆیە لەم باسەماندا ئاوڕ لەو لایەنە نادەینەوە، بەڵکو لە سێ گۆشەنیگای ترەوە لە بۆچوونەکانی هێمن بۆ ژن و مەسەلەکانی پەیوەستی دەڕوانین، کە ئەمانەن :-

١. چارشێوو ئازادی ژن

سەرنجدانی دیوانەکەی هێمن ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە خواستی بۆ ئازادی ژن بەواتا فراوانەکەی یەکێکە لە داوا بنەڕەتییەکانی شاعیر، ئەمەش وە نەبێ وەک هەندێ شاعیری تر تەنها گواستنەوەی

وێنەو دروشم بێت، بەڵکو هەڵقوڵاوی بیروباوەڕی هێمن خۆی بووە، بەواتایەکی تر شاعرێکی راستگۆبووە لە دەربڕینی بیرو هەستەکانیدا، چونکە خۆی واتەنی ئەوە واقیعی تاڵی ژنی خانەوادەکەی بووە، ((ژیانی بنەماڵەکەم بەتایبەتی خاڵەکانم زۆر تەئسیری کردەسەر ژیانی من ، کاکە دەرکەوانیان لەدەرکێ بوو، نەیاندەهێشت کچیان بێتەدەرێ، ژنیان بێتەدەرێ، ئا ئەوە منی هان دابوو، قەرەبووکردنەوە نیشان بدەم ......... بەپێشک لە کوردستانی ئێران ئەوەڵ شاعیرم، کە دیفاعم لە حەقی ژن کردووە))( سابیر، رەفیق و میراودەلی کەمال ، ٢٠٠٩: ٤٢٧). Sabir, Rafiq and (Mirawdaly,Kamal, 2009:427)

هێمن زۆر دژی چارشێوو لە چکی ژنان بووە، ئەمەی بە زەوتکردنی ئازادی ژن زانیووە، هەربۆیە لە کۆمەڵێک دەقدا رەتی کردووەتەوە، ئەم دیاردە شیعرییە هاوکات بوو لەگەڵ ئەو مشتومڕەی هەمان دیاردە لەشیعرو رەخنەی عێراقی لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دروست بووبوو. (بڕوانە: حسین ، د. رحیم علیوی ، ٢٠١٦ : ١٠١-١٢٠)

( Hussein, Dr.Rahim Alewi, 2016:101-120).

گەر لەڕووی مێژووییەوە لە دەقەکانی هێمن بڕوانین، دەبینین هەر لە ساڵە سەرەتاییەکانی چوونە نێو دنیای شیعرییەوە باسی ئەو بابەتەی کردووە، لەوانە دەقی (وتووێژی کچ و کوڕ)ە، کە لەساڵی(١٩٤٢) نووسیویەتی، بە زمانی کوڕەوە دەڵێت:-

دێدە گیان! کچی کوردی ژیکەڵە

داوێنی پاکت دووربێ لە پەڵە

لینین راپەڕی ماڵی (چار) شێوا

تۆ هێشتا حەپسی لەژێر چارشێوا

(هێمن موکریانی- دیوان ،٢٠٠٥: ١١٩)(Hemn Mukryani -Diwan, 2005:119)

شاعیر فڕێدانی(چارشێو) بەسەرەتای دەربازبوون و ئازادی ژن دەزانێت، بۆیە لەلایەک هانی کچان ئەدات ڕووبەڕووی ببنەوە، لەلایەکی ترەوە بەهۆی ئەو جوانکارییە وشەییەی لە نێوان هەردوو دەربڕینی (چار شێوا)و (چارشێوا)دا هەیە، بەجێماوی کچی کورد لەکاروانی خەبات و پێشکەوتنی گەلان پیشان ئەدات، شاعیر لێرەدا داوای شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دەکات .

ئاشكرایە هێمن لەو ساڵانەدا زیاتر لە(دێ) ژیاوە ، مەسەلەی چارشێوو رووپۆشی ژنان لەوێدا کەمتر بووە، تارادەیەک لەو رووەوە ئازادییان هەبووە، هەربۆیە لە دەقی(بەهاری لادێ)ی ساڵی(١٩٤٣)دا، بەو پەڕی بڕوا بەخۆبوونەوە داوامان لێدەکات رووبکەینە (دێ)و دیمەنی سروشتی جوانی کچان کورد ببینین، کە دیارترینیان نەبوونی (چارشێو)و (رووبەند)ە :-

وەرە ئێرەو مەپرسە تۆ ئەدی چارشێوو رووبەند کوان ؟

وەرە ئێرەو ببینە چاوی مەست و بەژن و باڵای جوان

وەرە ئێرەو ببینە وردە هەنگاوی بەرەو جێژوان

وەرە ئێرەو ببینە نازی بێری و دەس بزێوی شوان

(هێمن موکریانی- دیوان ،٢٠٠٥: ١٢٨)(Hemn Mukryani -Diwan, 2005:128)

هەمان وێنە لە دەقی( کیژی لادێ )ی ساڵی (١٩٤٥)دا ، دووپات دەبێتەوەو لەپاڵ گواستنەوەی وێنەیەکی نموونەیی کیژی لادێدا دەڵێت :-

چارشێوت نییە رووناگری لە کەس

نامووسی خۆتە پاسەوان و بەس

بە دڵی سادەو بە هەستی پاکت

بە شەرم و حەیاو ئاکاری چاکت

منت کردووە شێت وێتی خۆت

وەختە لە سوێیان گیانم دەرچێ بۆت

(هێمن موکریانی- دیوان ،٢٠٠٥: ١٣١)(Hemn Mukryani -Diwan, 2005:131)

چەند بارە بوونەوەی داوای شاعیر لە وێنەکاندا، بەهۆی درێژەکێشانی پەیوەست بوونی کۆمەڵگاوە بووە بە چارشێوەوە، شاعیر لە رێگەی ئەو وێنەیەوە، ئەو بیرە نادروستە رەت دەکاتەوە، کە پێیوایە رەوشتی ژنان بە رووپۆشینەوە گرێدراوە، لەپاڵ ئەم وێنانەدا وێنەی کچی (شار) بە چارشێو و رووپۆشەوە دەبێتە یەکێک لەو وێنانەی جوانیەکان لای شاعیر نغرۆ دەکەن، وەک ئەوەی لە هەردوو

دەقی(بۆسەی ڕۆژگار، چارەنووسی شاعیردا)دا دەیبینین (بڕوانە: موکریانی ، هێمن - دیوان ،٢٠٠٥: ١٨٦-١٨٨)(Hemn Mukryani -Diwan, 2005:186-188)

لە (یادگاری شیرین)دا درێژە بە باسەکە دەدات و بەلایەوە چارشێو ئاسۆی بینینی لاوی کوردی لێڵ کردووە :-

ڕۆژی بەختی هەر لە ژێر هەورێکی ڕەشدا لاوی کورد

تاکوو ڕوخساری کچی شاری لە پێش چاوان ونە

نایەڵێ گۆشەی برۆکەت دەرکەوێ چارشێوەکەت

ئەی لە دەس ئەو چڵکە هەورە مانیعی مانگ گرتنە

لادە چارشێوی ڕەشت با دەرکەوێ کوڵمەی گەشت

چون لە قەرنی بیستەما زۆر عەیبە ئەو ڕووگرتنە

(هێمن موکریانی- دیوان ،٢٠٠٥: ١٣٦-١٣٧)(Hemn Mukryani -Diwan, 2005:136-137)

(چارشێو) لەم دەقەدا تەنها ئەرکی گەیاندنی واتا فەرهەنگیەکەی خۆی نییە، بەڵکو واتایەکی فراوانتر ئەگەیەنێت و بەواتای کۆتکردنی ژن و بەندکردن و لە قاڵبدانی دێت، نەک هەر ئەوە بەڵکو لای هێمن ئازادی گەل بەئازادی ژنەوە بەستراوە، شاعیر لە بەندکردنی ژندا کۆمەڵگا بەگشتی و خێزان و باوک بەتایبەتی بە تاوانباری یەکەم دەزانێت :-

چۆن دەبێ سەربەست گەلی ژێردەست کە کچ دابەستەبێ؟

بەس نەبێ ئەو کۆیلەتی و ئەو کچ لە ژوور دابەستنە ؟!

دەرکی داخستووە لە تۆ بابت کەچی دەرکی نییە

دەرکە داخستن لە تۆ دەرکی هومێد داخستنە

دارزینە، مردنە، ئاخ هەتا کەی پێت بڵێن

نابێ بێتەدەر لە ماڵ ، مافی ژیانی کوا ؟ ژنە

(هێمن موکریانی- دیوان ،٢٠٠٥: ١٣٦)(Hemn Mukryani -Diwan, 2005:136)

هەر لەم دەقەدا، کە بەلای ئێمەوە ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی فیمینستانەی هێمنە بەرامبەر بە ژیانی ژنی کوردو کێشەوگرفت و لەمپەڕەکانی، شاعیر دەست ئەخاتە سەر سەرچاوەی پەیدابوونی( پەچە و رووبەند )و بە دیاردەیەکی نوێی لە قەڵەم ئەدات لە نێو ژنانی کورددا، پێیوایە ئەمە دیاری دوژمنانە، بەبڕوای ئێمە ئەم تێڕوانینەی لەو زانیارییانەوە سەرچاوەیان گرتووە، کە ڕۆژهەڵاتناسەکان لەبارەی ژنی کوردەوە خستویانەتەڕوو و ئێمەش لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەماندا سەرنجمان بۆ ڕاکێشان :-

ئەو پەچەو رووبەندو چارشێوەی نەدیوە نەنکی تۆ

ئەو شڕو شاڵاتە دیاری دوژمنی دڵ چڵکنە

(هێمن موکریانی- دیوان ،٢٠٠٥: ١٣٧)(Hemn Mukryani -Diwan, 2005:137)

دیارە شاعیر هوشیارانە دەزانێت، ئەوەی لەنێو کۆمەڵی کوردەواریدا وەک نەخۆشیەکی کۆمەڵایەتی ڕەنگیداوەتەوە تەنها( دواکەوتوویی ژن )نییە، بەڵکو جیاوازی چینایەتیش دەردێکی تری کۆمەڵایەتییە، ئەم جیاوازییەش هەر لە منداڵییەوە هەستی شاعیری بریندارکردووەو لای بووەتە گریمانەیەکی ڕۆحی، کە تامردن لای ساڕێژ نەبێ .(بڕوانە: پێشەکی تاریک و روون ، هێمن موکریانی- دیوان ،٢٠٠٥: ٤٣) .(Hemn Mukryani -Diwan, 2005:43)

باجی ئەم جیاوازییەش زۆرتر کچان و ژنان دەیدەن و لەسەر حسابی توانا و وزەی خۆیان خەڵکانی تر دەوڵەمەند و سەرمایەدار ئەکەن ، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کارکردن بۆ ژنان بە ماف دەزانێت :-

شەنگەبێری یارو دەسباری کوڕی کۆچەر نەبێ

چۆن دەگاتە جێ هەوارو هۆبە ئەو بارگەو بنە ؟

قەڵشی دەست و کوڵمی سووتاوی کچی لادێ نەبێ

چۆن دەگاتە دەستی دەستبڕ ئەو هەموو تاتووتنە ؟

نیسک ونۆک و ماشی ناو عەمباری ئاغای مفتە خۆر

پاک لە سایەی دەسکەنەی (زین و مرۆت و سوێسنە)

شۆڕەژن بنکۆڵ نەکا و بڕکەی بە قرچەی نیوەڕۆ

چۆن لە کاڵەک تێر ئەبێ ئەو زگ زلە بێستان رنە ؟

(هێمن موکریانی- دیوان ،٢٠٠٥: ١٣٧) (Hemn Mukryani -Diwan, 2005:137)

شاعیر زۆر لە خەمی پێشکەوتنی کۆمەڵگادایەو هەمیشە بەدوای هۆکارەکانی دواکەوتندا دەگەڕێ و وەک شاعیرێکی ریالیزمی چارەسەری هۆکاری کێشەو دواکەوتوویەکان دەستنیشان دەکات، بەلایەوە سوود لە دوبارەکردنەوەدایە، هەربۆیە تێکرای ئەو بیرەی، کە لە (٢٧) دێڕی پێشوودا خستویەتیەڕوو، لە دێڕە کۆتاییەکانی دەقەکەدا دووپاتی دەکاتەوەو راشکاوانە داوای شۆڕشێکی کۆمەلایەتی لە ژنان دەکات، بۆئەوەی دژی ئەو کۆت و بەندانەی، کە بوونەتە مایەی دواخستنیان، بوەستنەوە. هێمن لە قوفڵی دەقەکەدا تەنها رووکەشانە نازناوی خۆی بەکارناهێنێت، بەڵکو پەیامی دەقەکە بە شارێگەی دەربازبوونی ژنان دادەنێت و داخوازە لە بری ( گوارەی زێڕ )، بیرو پەیامی دەقەکە لە گوێ بگرن :-

با هەزار (زێ)و (گادەر)و (لاوێنی)روونیشمان هەبێ

تاکوو ژن ئازاد نەبێ، سەرچاوەکەی ژین لیخنە

کۆیلەتی باوی نەماوە ، کیژی کوردی خۆشەویست !

راپەڕە، هەستە لە خەو ، ئاخر چ وەختی خەوتنە؟

گوارەکەی زێڕت بەکارنایە، لە گوێ بگرە قسەم

لایقی گوێی تۆ عەزیزم شیعری سادەی هێمنە

(هێمن موکریانی- دیوان ،٢٠٠٥: ١٣٨)(Hemn Mukryani -Diwan, 2005:138)

چارشێو لای هێمن تەنها هێمای کۆت و بەندی ژنان نییە، بەڵکو هەندێ جار مایەی شاردنەوەی جوانیەکانیشە ، ئەوەتا لە دەقی(ماچی شیرین)ی ساڵی (١٩٥٩)یدا ، جوانی وێنەی کچانی کورد لە نەپۆشینی چارشێودا ئەبینێت، لێرەدا بەها مەعنەوییەکەی جوانی تەنها لە فرێدانی لەچکدا خۆی نابینێتەوە ، بەڵکو پەیوەستە بە ئەگەری رۆیشتنی کچەکە بۆ (مەکتەب)، بەوەی سەرچاوەی هۆشیارکردنەوەیەتی :-

دەکا گیرۆدەتر پیرانی دڵتەڕ، ئەو کچە کوردەی

بچێتە مەکتەب و بسکی بە مۆدی تازە هەڵپاچێ

(هێمن موکریانی- دیوان ،٢٠٠٥ : ١٩٠)(Hemn Mukryani -Diwan, 2005:190)

گۆڕینی ژینگەو رووکردنی هێمن لەکۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوولە (بەغداد)ی پایتەختی عێراق و شاری رۆشنبیری و شارستانییەت، هەروەک چۆن لە رووی چەندێتی و چۆنییەتییەوە گۆڕانێکی گەورەی بەسەر دنیای شیعری هێمندا هێنا، ئاواش واقیعە کۆمەڵایەتییەکەی گۆڕی، رۆژانە دەیان کچ و ژنی سفوری دەبینی ، هەر لەوێش بەکایە رۆشنبیری و ئەکادیمیەکانی وەک زانکۆی بەغدا ئاوێتەبوو، ئەمەش دەرگای بەراوردکردنێکی حەسرەتکێشی لەبەردەم شاعیردا کردەوە، دەقی چاویلکەی ساڵی (١٩٧٧)، بەو حەسرەتەوە داڕێژراوە :-

لەو دەمەی ڕا دڵم لێیداوە بۆ ژوان

من دێوانەی چاوی جوانم چاوی جوان

گەرچی خەڵکی وڵاتی چاوجوانانم

چاوی جوانم نەدی من بە چاوانم

هەتا لاو بووم چاوی جوانم لێ ون بوو

پەچەو رووبەند و چارشێوم دوژمن بوو

ئێستا پیرم و کەوتوومەتە ئاویلکە

چاوی جوانم لێ ون دەکا چاویلکە

(هێمن موکریانی- دیوان ،٢٠٠٥ : ٢٩٨-٢٩٩) (Hemn Mukryani -Diwan, 2005:298-299)

جوانی ئەم دەقە خۆی لە هۆکارو بەربەستەکانی بەردەم جوانبینی شاعیردا دەبینێتەوە، بەوەی هەتا (لاو) بووە لە ژینگەیەکی کۆنەپارێزو داخراودا ژیاوە، ئەو ژینگەیە بەهۆی(پەچەو رووبەندو چارشێو)ەوە نەیهێشتووە، شاعیر تێر بەچاوانی جوانییەکان ببینێت، کە پیریش دەبێ لە کۆمەڵگایەکی کراوەی وەک شاری بەغدادا دەژی، ئەمجارە کزی چاوو هەبوونی چاویلکە دەبنە رێگر لەبەردەم بینینی جوانییەکانی روخساری کچاندا، ئەم حەسرەتکێشانەی شاعیر بەوەی هەست بە مەحرومیەتێکی گەورە دەکات و ئەفسوس بۆ ئەوە دەخوازێت، کە پیری مەودای بینینی ئەو مۆدانەی نادات کە کچان و ژنانی بەغدا دەیپۆشن، لە دەقی( پەیامی رانەگەیەنراودا) رەنگدەداتەوە :-

هەتا كۆمتر دەبێ پشتم پتر هەڵدەكشێ مینی ژۆپ

ئیتر دەستم بە داوێنی كچی ئەم شارە راناگا

(هێمن موكریانی- دیوان، ٢٠٠٥: ٢٦٠-٢٦١) (Hemn Mukryani -Diwan, 2005:260-261)

شاعیر لەوێنەیەكی دژە جووڵەی ناوازەدا(كۆمبوونی پشت هەڵكشانی مینی ژۆپ )، بیرێكی جوانی ئاودراو بەحەسرەت و بێئومێدی بەرجەستە دەكات، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین،كە ژنگە نوێیەكەی شاری (بەغدا)لەو ساڵانەدا بەتایبەتی لە رووی جلوبەرگ پۆشینی ژنانەوە، زۆرتر سفوری پێوە دیاربووە، ئەم لایەنەش بەراورد بەژینگەی پێشووی هێمن، كە زۆرتر ئاوێتەی دیمەنی ژنانی كوردی بووە، وا دەكات سیمای ئازادبوونی زیاتر لە ژنانی بەغدادا ببینێت، بەلای ئێمەوە رەهەندێكی تری ئەو بەراوردەی لە دەقی(چاویلكە)دا دەیخاتەڕوو، پەیوەستە بەو بۆشاییە سێكسییەی، كە بووەتە سیمای بەشێكی دیاری ئەو دەقانەی لەو ساڵانەدا نووسیویەتی و لە توێژینەوەیەكی تردا دەستنیشان كراوە. (بڕوانە: قادر ، د. فەرهاد ، ٢٠١٢: ١١٨-١٢٧)(Qadir, Farhad, 2012:127-118) .

فراوانتر لە دەقی (یادگاری شیرین)، دوای (٣٣)ساڵ، هێمن چیرۆكە شیعری (سووری دەوران)دەنووسێت،كە بە هەمان شێوە لەسەرگۆشەیەكی دیاری واقعی ژیانی كچی كوردو كێشەو گرفتەكان و چۆنێتی چارەسەركردنیان دەوەستێت و بەگیانێكی فیمینستانەو بەهەستێكی شاعیرانەوە دەست دەخاتەسەر هەڵسوكەوتی پیاوسالارانەی ئاغاو چۆنێتی پێشێلكردنی ماف و ئازادییەكانی كچە شۆخەكەی دەگێڕێتەوە، سەرەتا لەسەر قەتیسكردنی كچە لە نێو كۆشكە زیندان ئاساكەی دەوەستێت و بەهەنگاوی یەكەمی زەوتكردنی ئازادییەكانی كچەی دەزانێت :-

دەبوو چەتری سەری باڵی هوما با

نەوەك ئاوا لە رووپۆشێ خزابا

دەبوو سواری قەلاندۆشی هەڵۆ با

لە بەرزایی چیادا سەربەخۆ با

نەوەك لێی داخرابا دەرگی حەوشە

ژیابایە لەنێو ئەو غەورو خەوشە

دەبوو ژوانگەی لە کن راوگەی کەوان با

نەوەک وا چاو لە دەستی دەرکەوان با

(هێمن موکریانی- دیوان ،٢٠٠٥: ٣٠٣- ٣٠٤)(Hemn Mukryani -Diwan, 2005:303-304)

هێمن زۆر بە وردی بەگژ لەماڵ قەتیسکردنی کچاندا دەچێتەوەو هەر لەوێشەوە رووەو باسێکی تر هەنگاو دەنێت، کە تا ئەو رۆژگارە کەمتر وەک ماف بۆ کچان بە رەوا بینراوە، ئەویش هەڵبژاردنی هاوسەرە بە خۆشەویستی کردن، بەتایبەتی گەر هاتوو دڵدارو دولبەر سەربە دوو چینی جیاواز بوون، ئەمەش دەبێتە چەقی بیری دەقەکەو شاعیر لەپەنایدا تێڕوانینەکانی خۆی دەخاتەڕوو،کەبەلایەوە کچە دووجار دەچەوسێنرێتەوە،جارێک بەهۆی رەگەزەکەیەوە جارێکی تر بەهۆی چینە کۆمەڵایەتییەکەیەوە:-

کچیش نەیخوارد فریوی ئەم ژیانە

وە دووی دڵ کەوت و پچڕی بەندو پێوەند

دڵی خۆی دا بە لاوێکی هونەرمەند

هونەرمەندێکی پاکی بەرزە ئاکار

کە جارجار رێ دەکەوتە ماڵی خونکار

..................

هونەرمەندێکی بە زگ برسی و بە چاو تێر

لەشەڕ بێزارو دۆستی ئاشتی و خێر

هونەرمەندێکی عەسری فیئۆداڵی

دڵی پڕبوو بەڵام گیرفانی خاڵی

شەوانی بەزم و شایی و شەونشینی

لە درزی پەردە یەکتریان دەبینی

کە تێک دەلقا نیگاری پڕ گفتوگۆیان

دەیاندرکاند بە سانی رازی خۆیان

(هێمن موکریانی- دیوان ،٢٠٠٥: ٣٠٦-٣٠٧)(Hemn Mukryani -Diwan, 2005:306-307)

خۆشەویستی کردن لە پەنای(باوک)میرێکی زۆردارو خوێنمژدا، کانی هەست و نەستەکانی دڵدارو دولبەر پڕەکات و دەرگای تێکشکاندنی هەموو کوت و بەندەکانیان لەبەردەمدا دەکاتەوەو پێکەوە لە پێناو بەیەکگەیشتندا، بڕیاری ئەوە دەدەن، ڕێی هات و نەهات بگرنەبەر :-

شەوەزەنگێ بە زەبری زێڕو بەرتیل

کراوە دەرکی زیندان بۆ کچی دیل

کچە گۆڕیەوە کۆشک و تاج و تەختی

دەگەڵ ئازادی و ئازارو سەختی

(هێمن موکریانی- دیوان ،٢٠٠٥: ٣١٠)(Hemn Mukryani -Diwan, 2005:310)

شاعیر لە بەرجەستەکردنی تێڕوانینی سەبارەت بە کچان و ماف و ئازادییەکانیان واقعییە، دەیەوێت دیمەنی پیاوسالارەکان ناشیرینتر پیشان بدات، لەوێشەوە نەفرەت لە جیاوازی چینایەتی بکات، کە بووەتە مۆتەکەیەکی تری کۆمەڵگای کوردی، بەلای شاعیرەوە هەموو میرەکان یەک بیرکردنەوەیان سەبارەت بەماف و ئازادی کچەکانیان هەیە، هەربۆیە میری ئەو شارەش کە دڵدارو دولبەر سەری خۆیانی بۆ هەڵدەگرن، دوور ئەبێت لە هەموو هەستێکی مرۆڤایەتی، چونکە دەبێتە دێوەزمە بۆ گیانی خۆشەویستان و رادەستی میری باوکیان دەکات .

حەسرەتی هێمن تەنها بۆ مافخوراوی کچان نییە، بەڵکو بۆ کۆمەڵگای کوردییە، چونکە کچان و ژنان نیوەی کومەڵ پێکدەهێنن و ڕۆڵی سەرەکی لە پەروەردەکردنی نەوەی نوێدا دەبینن، لە ئاکامدا بەدیهاتنی ئازادی و بەخشینی ماف بەوان، ئاسوودەیی و بەختەوەری بۆ خێزان و کۆمەڵگا فەراهەم دەکات، دەستەبەرکردنی ئازادیش پێویستی بە کۆشش و خەبات وبەگژداچوونەوەی کۆنەپارێزو دواکەوتووانە، ئەم راستییە لە سەر زاری (کچ)ی میرەوە دەردەبڕدرێت، ئەوەش ئەوپەڕی هوشیاری کچە دەردەخات، بەواتایەکی تر، شاعیر نەک تەنها باوەڕی بە یەکسانی ژن و پیاو هەیە، بەڵکو پێشیوایە ژنان رابەڕایەتی شۆڕشی ئازادی کۆمەڵگاش دەکەن و نەخشەرێگای بۆ دادەنێن :-

هەزار رەحمەت لە گۆڕی بێ کچی میر

قسێکی کرد کە پەندە بۆ کوڕی ژیر

(بە زۆر بشکێ دەبێ دەرکی قەڵایە

دەنا ئەو دەرکە بۆ کێ ئاوەڵایە؟

خەبات رزگار دەکا کۆیلەو ئەسیران

لە ناخێ رادەکا مەزن و ئەمیران

بە ئەفسانەی دەزانن سووڕی دەوران

غوڵام و ورکە خۆری دەرکی گەوران

بەڵام دەوران دەبێ رۆژێ بد سووڕ

لە بەر گەوران نەبێ پشتی خەڵک کووڕ)

(هێمن موکریانی- دیوان ،٢٠٠٥: ٣٢٧-٣٢٨)(Hemn Mukryani -Diwan, 2005:327-328)

بەڵێ خواستی سەرەکی هێمنی شاعیر، ئازادی ژن و هوشیاربوونیەتی، ئەم خواستە لە دەقی (فرمێسکی رونوو)ی ساڵی (١٩٨٤)دا جەختی لەسەر کراوەتەوە :-

من تەشی رێسێکی وەک شیرنی(وەفایی)م بۆ چییە؟

کیژی وریای چاوکراوەی فێرە زانینم دەوێ

(هێمن موکریانی- دیوان ،٢٠٠٥: ٣٤٦-٣٤٧)(Hemn Mukryani -Diwan, 2005:346-347)

وەکو لە دەقی پێشوودا خستمانەڕوو، شاعیر زۆر دژایەتی چارشێوو سەرپۆشی ژنان بووە، بەلایەوە مایەی دیلکردن و کۆتکردنی ژنان و شاردنەوەی جوانییەکانیەتی، کەچی ئەم تێڕوانینە لە دەقی(ئاپۆڵۆی ماچ)،کە لە دوا دەقەکانی ژیانی شاعیرە، گۆڕانی بەسەردا دێت و ئەوەی سەرنجی شاعیر رادەکێشێت، کچێکی باڵاپۆشە:-

بە حیجابی ئیسلامییەوەدیم جوانێ

ماڵە بابم ئای لەو خەڵەو خەرمانە !

نەمدیبوو مانگی چاردە وا ڕووناک بێ

بە ساوی پاک لەنێو جغزی خەرمانە

گوناه نەبوو تێم هەڵڕوانی نەترسام

لە چەمۆڵەو جنێو و بۆڵە بۆڵی

ئەوی جوان بوو لەڕووی ئەودا بەدیم کرد

هەنیە ، کوڵمە، دیدە ، برۆ، مژۆڵی

(هێمن موکریانی- دیوان ،٢٠٠٥: ٣٥٠)(Hemn Mukryani -Diwan, 2005:350)

شاعیر شەیدای جوانی کچە باڵاپۆشەکەیە، ئەمەش بەلای ئێمەوە لەلایەکەوە بۆ شوێنی نووسینی دەقەکە دەگەڕێتەوە، کە (ئێران)ە، بەوپێیەی لەو وڵاتەدا سەر ڕووتکردنی ژنان قەدەغە بووەو لەلایەکی ترەوە پەیوەستە بەو گۆڕان و خاوبوونەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی، کە لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا، وەک سیمایەک چەندێتی و چۆنێتی دەقەکانی ڕەنگڕێژ کردبوو. (بڕوانە: قادر،د. فەرهاد ، ٢٠١٢: ١٣٦-١٤٤).(Qadir, Farhad, 2012:136-144) .

٢- خوێندن

هێمن بڕوای وایە خوێندن تاکە ڕێگەیە بۆ هوشیارکردنەوەی ژنان و دەربازکردنیان لە کۆت و پێوەندەکان و گەیاندنیان بەمافەکانیان، بەپێچەوانەشەوە(نەزانین)کار دەکاتەسەر پەروەردەی منداڵ و لە دۆخی کۆمەڵگادا ڕەنگدانەوەی خراپ جێدەهێڵێت. ((هێمن بەجۆرێک خوێندن و خوێندەواری بۆ گەشەو نەشونماکردنی کۆمەڵ بەپێویست دەزانێت، نەخوێندەواری وەک ڤایرۆسێکی کوشندە لە قەڵەم دەدات، کە لە جەستەی کۆمەڵدا بێت))

( نوری ، ئیسماعیل مژدە ، ٢٠١٧: ١٣٥) (Nuri ,Mzhda Ismail 2017:135 )

شاعیر لە هەندێ شیعردا، کە قسە لەبارەی ژن و کێشەکانییەوە دەکات و وێنەی چەوسانەوەیان دەکێشێت، ڕاستەوخۆ دەست دەخاتەسەر گرنگی خوێندن و جەخت لە زەرووەرەتی پڕچەککردنی کچان و ژنان بە زانست و زانیاری دەکاتەوەو بەلایەوە پێشکەوتنی تەواوی گەل بەیەکسان بوونی ژنان و پیاوان لە پرۆسەی خوێندن و ڕۆشنبیرییدا دێتەدی :-

**دەرکە بشکێنە، پەچە بدڕێنە، راکە مەدرەسە**

**چاری دەردی کوردەواری خوێندنە، هەر خوێندنە**

(هێمن موکریانی- دیوان ، ٢٠٠٥: ١٣٨)(Hemn Mukryani -Diwan, 2005:138)

**شاعیر بۆ ئەوەی زیاتر هانی کچانی کورد بدات، تاوەکو روو لە خوێندن بکەن و زانست بکەنە مەشخەڵی ژیان ، بەراوردی دوو دیمەنمان بۆ دەکات، دیمەنی پێشکەوتوویی کچانی رۆژئاواو دیمەنی دواکەوتوویی کچانی کورد:-**

**کیژی خەڵکی بۆمی ئاتۆمی دروستکردو ئەتۆش**

**هەر دەزانی ناوی (ئەستیۆڵک)و (دەرخۆنە)و(پنە)**

**فێری زانست و هونەر بوو ئەو لەسایەی خوێندنی**

**تۆش تەشیمان بۆ دەڕێسی ، یادگاری شیرنە**

**ئەو بە ئاسمانا فڕی، دنیا گەڕا، چووە بن بەحر**

**دەک نەمێنم، کاری ئێوەش هەر لە ژوور دانیشتنە**

**کوڕ بەزێنە ئەو لە عیلم و ئەو لەکارو سنعەتا**

**گۆرەویشە سنعەتی تۆ، پێت خەنی بووم بیچنە**

(هێمن موکریانی- دیوان ،٢٠٠٥: ١٣٦-١٣٧)(Hemn Mukryani -Diwan, 2005:136-137)

**بەوردبوونەوە لەو چەند دێڕەی لای سەرەوە، ئەوە روون دەبێتەوە، کە رەخنەکە بازنەی کچان جێدەهێڵێت و کۆمەڵگای کوردی بەگشتی دەگرێتەوە، شاعیر راشکاوانە داوا لە خودی مێینە دەکات کۆت و پێوەندەکان بشکێنێت و چاوەڕوانی دەستی رەگەزی بەرامبەر نەکات، چونکە ئازادی کۆمەڵگا لە ئازادی ژنەوە سەرچاوە دەگرێت.**

**٣- خەبات**

**خەبات لەپێناو ئازادی گەل و نشتیمان، نەک هەر بەشێکی دیاری شیعری هێمن پێکدەهێنێت، بەڵکو بەشێکی دیاری ژیانیشی دەگرێتەوە، لەو پێناوەشدا گەلێک هەورازو نشێوو چەرمەسەری بەسەردا هاتووە،**

**سەرەتای ئەم خەباتەی بۆکارکردنی لەریزەکانی کۆمەڵەی(ژ. ک)دەگەڕێتەوەو لەسەردەمی کۆماری مەهاباددا دەگاتە لووتکە و تادوا ساڵەکانی ژیانی لەگەڵیدا باڵا دەکات، هەربۆیە((فەلسەفەی ژیانی هێمن ئەوە نییە، کە دانیشێ و لە دوورەوە تەماشای ژیان و خەباتی گەل بکا و بۆ خۆی یا بۆ گەل شیعر بڵێ ....... بە هەموو هێزی خۆیەوە بە شیعرو بەنووسین هەنگاوی ناوەتەناو مەیدانی خەبات و تاسەر بەرەو ئاسۆی روون تا ترۆپکی رزگاربوون، یاریدەی گەلی خۆی داوە)).(موکریانی ، هێمن - دیوان ، ٢٠٠٥: ٢٦)**(Hemn Mukryani -Diwan, 2005:26)

**خەباتکردن لە پێناوی رزگاری گەل و نشتیماندا، بەلای هێمنەوە تەنها ئەرکی پیاوان نییە، بەڵکو((لەو باوەڕەدایە کەوا مافی گەلی کوردی بەشخوراوو دابەشکراو تەنیا بەهەوڵ و کۆشش و خەباتی پیاو ناسەلمێنرێ، بەڵکو بەهاوکاری ژن وپیاو ئاواتی گەلی کوردی دلێر دێتەکایەوە))( موکریانی ، د. کوردستان ، ١٩٧٥: ٣٠)**.( Mukryani ,Kurdistan,1975:30)

**شاعیر ژیرانە لە کۆڕی خەبات دەگات و پەی بەو راستییە دەبات، کە بۆ گەلێکی ژێردەستی وەک کورد، کە لە چوار لاوە دوژمن دەوری داوە، هاوشانیی ژن لەگەڵ پیاودا زەرورەتێکی حەتمییە، ئەمەش لەلایەکەوە بەستراوە بەبیری یەکسانیی شاعیرەوەوو لەلایەکی تریشەوە بەستراوە بەو ئایدۆلۆژیا سیاسییەی شاعیر باوەڕی پێ هەبووە، ئەویش رێبازی حزبی دیموکراتی ئێرانە، بەوپێیەی ژنان لە ریزەکانی ئەم حزبەدا بوونێکی تەواویان هەبووەو هەیە، ئەوەتا لە دەقی(وتوێژی کچ و کوڕ) کە ساڵی (١٩٤٢)دا، نووسیویەتی بە زمانی کوڕەوە داوا لە کچ دەکات، پێکەوە رووبەڕووی دوژمن ببنەوە و سەنگەری خەبات بەرنەدەن:-**

**بپسێنە لەپێ تۆ زنجیر و کۆت**

**دێدە گیان بدە یاری برای خۆت**

**لە گوێن (ژاندارک) هەستە وەک مەردان**

**دوژمن وەدەرنێ لە خاکی کوردان**

**(هێمن موکریانی- دیوان ،٢٠٠٥: ١١٩)**(Hemn Mukryani -Diwan, 2005:119)

**ئەم داوایەی شاعیرلە دەقی( قەڵای نیشتیمان)دا، جێی خۆی دەگرێ، ژن و پیاو پێکەوە لەسەنگەردا دژی دوژمنان دەجەنگن :-**

لەگەڵ تۆ بۆ نەجاتی نشتیمانت

دەدەن(هێمن) هەوڵ خوشک و برای تۆ

(هێمن موکریانی- دیوان ، ٢٠٠٥: ١٢٣) (Hemn Mukryani -Diwan, 2005:123)

ئەم هاندانەی ژن بۆ خەبات و تێکۆشان لای هێمن، رۆژ لە دوای رۆژ فراوانتر دەبێت و لەگەڵ ئاوێتەبوونی بە شۆڕشەکەی(پێشەوا قازی محەمەد)و دامەزراندنی کۆماری مهاباددا دەگاتە لووتکە، ئەمەش لە واقعی ئەو رۆژگارەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە وردە وردە ژنان زیاتر دەهاتنە نێو کۆڕی خەباتی کوردایەتیەوە.(بڕوانە: سابیر ،رەفیق و میراودەلی ،کەمال ، ٢٠٠٩: ٤٣٩ ) (Sabir, Rafiq and Mirawdaly,Kamal,2009:439)

، ئەم راستییە لەدەقی( دوارۆژی ڕووناک)دا، بە روونی دەبینرێت، کاتێک دەڵێت :-

درۆزن بۆی بزربوو، هاتە مەیدان

کچی ئازا، کوڕی لێزان و هەڤگۆ

توخوونی دوژمنی بەدکارە نابین

کە سووتاوە دەسی ئێمە بە پشکۆ

زمانی ئێمە گەر نازانێ دوژمن

دەبێ حاڵی بکەین ئەوجار بە بڕنۆ

(هێمن موکریانی- دیوان ،٢٠٠٥: ١٣٤) (Hemn Mukryani -Diwan, 2005:134)

چەک هەڵگرتنی ژنانی کورد لەو رۆژگارەدا، یەکێک بووە لە دیاردە جوانەکانی خەبات وئومێدی زیاتری بە کۆمارەکە بەخشیووە، ئەمەش مایەی گەشبینی شاعیر بووە، بۆیە لەدەقی( هەتاوی ئیقباڵ)دا، (فیشەکدانی ژنان) بە(بەرموور) دەچوێنێت :-

کوڕی کورد حازرە بە خوێنی خۆی

لە هەموو لاوە بپارێزێ سنوور

کچەکەی حازرە فیشەکدانی

**لە ملیدا بێ لەباتی بەرموور**

**(هێمن موکریانی- دیوان ،٢٠٠٥: ١٤٤)** (Hemn Mukryani -Diwan, 2005:144)

**هەمان بیر، لە دەقی( گوڵی هیوا )دا، کە بۆ (ئەختەر)ی پێشمەرگە نووسیویەتی، زیاتر پەرەی پێدەدرێت:-**

**ئەختەر کچی کوردی چاو مەست !**

**ئیلهام بەخشی شێعری پڕ هەست !**

**ئەی پێشمەرگەی میللەت پەرەست**

**کە دیتمی تفەنگ بە دەست**

**زانیم گوڵی هیوا پشکووت**

**بەیانی ئازادی ئەنگووت**

..............

**نارێژی چاو، سوور ناکەی لێو**

**شانە ناکەی بسکی پەشێو**

**یەکجاری فڕێت دا چارشێو**

**ئەوە رووت کردە چڕو کێو**

**دەبڕی جەرگی دوژمنی زۆڵ**

**بەسەر نێزە، نەک بە مژۆڵ**

**(هێمن موکریانی- دیوان ،٢٠٠٥: ١٩٤-١٩٥)**(Hemn Mukryani -Diwan, 2005:194-195)

**شەهیدبوونی پێشەوا (قازی محەمەد)و رووخانی کۆمارە ساواکەی لای هێمن، مانای کۆتایی هاتنی شۆڕش و خەبات نییە، بەڵکو داینەمۆی گڕوتینی کچان وکوڕانی کوردە لەپێناو تۆڵەکردنەوەی خوێنی**

**شەهیدانی کۆمارەکە، لەپێش هەمووشیانەوە خوێنی(قازی)و هاوڕێکانی، ئەم پەیامە لەدەقی (شەو و شەیتان)،کە لە ساڵی (١٩٧٢)دا نوسیویەتی، بەڕوونی دەبینرێت :-**

**شاد بە ئەی پێشەوای نەمر !**

**هاتن رۆڵەی ئازاو خوێن گر**

**بۆ فیداکاری ئامادەن**

**رێگای راستی تۆ بەرنادەن**

**کچ و کوڕ و ژن و پیاوی**

**دەکا خەباتی خوێناوی**

**تا مافی رەوای دەستێنێ**

**ئاواتی تۆ وەدی دێنێ**

(هێمن موکریانی- دیوان ،٢٠٠٥: ٢٢٦) (Hemn Mukryani -Diwan, 2005:226)

**ئەنجام**

**١. فیمینزم وەک بزوتنەوەیەک لە رۆژئاوا لەدایکبووە، ئەرکی سەرەکی دەستنیشانکردنی کێشەو گرفتەکانی ژنان و چارەسەرکردنیان بووە لەگەڵ دەستەبەرکردنی یەکسانی بۆ مافەکانیان هاوشێوەی پیاوان .**

**٢. ژنی کورد وەک هەموو ژنانی جیهان خاوەنی کێشەو گرفتی تایبەت بە خۆیانن، سەرەتای زەمینەی گەشەکردنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی بۆ ژنانی کورد دەگەڕێتەوە بۆ چارەکەی یەکەمی سەدەی بیستەم ، ژنانی کورد لەگەڵ شۆڕشەکانی کورد لە باشور و رۆژهەڵاتی کوردستان وهەڵکشان و داکشانی کێشە و گرفتەکانی ئەو شۆڕشانەدا، هەورازو نشێوی بینیووە، سەرباری چەوسانەوە جێندەرێکە رووبەڕوی چەوسانەوەی نەتەوەییش بوونەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو قۆناغێکدا ژنانێک دەرکەوتوون و درەوشاونەتەوە، ئەم حاڵەتە لە دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بەخۆوە بینی**

٣. شاعیرانی کورد لەتوێژەکانی تر زیاتر بەتەنگ مەسەلەی ژنانەوە بوون و هێمن یەکێکە لەدیارترین ئەو شاعیرانە، ژینگەی پەروەردەیی هێمن، لەپاڵ واقیعە تاڵەکەی ژیانی ژنی کورد، دوو هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ئەوەی فیمینزمانە خۆی بۆ داکۆکیکردن لەئازادییەکانی ژنان تەرخان بکات، بەواتایەکی تر لە دەربڕینی هەستەکانی بەرامبەر بە مەسەلەکانی ژناندا ڕاستگۆ بووە .

٤. چارشێو، یەکێک بووە لەو دیاردانەی، کە هێمن پێیوابووە لەمپەرە لەبەردەم ئازادی ژنان وکچاندا، هەربۆیە بە توندی دژی وەستاوەتەوەو بەلایەوە ئازادی کۆمەڵگا بە ئازادی ژنان فەراهەم دەبێت، لە باسی چۆنێتی ئەم دیاردەیەدا ژینگەی شاعیر ڕۆڵی گێڕاوە .

٥. درەنگ کردنەوەی ناوەندەکانی خوێندن لە کوردستان لەپاڵ تێڕوانینی نەرێنی کۆمەڵگا بۆ خوێندنی کچان، وایکردووە زەرورەتی ڕووکردنی ژنان و کچانی کورد لەخوێندن بەلای هێمنەوە، یەکێک بێت لە سیماکانی گەلی پێشکەوتوو و بە هەنگاوی یەکەم بۆ هۆشیاری ژنان و کچانی زانیوە .

٦. هاندانی ژنان و کچان بۆ خەبات یەکێک بووە لە ئامانجەکانی هێمن و بە پێویستییەکی تەواوکردنی شۆڕشی کوردی داناوە .

سەرچاوەکان

١. کوردییەکان

أ. کتێب

١. سۆن ، و : مینە ، سلێمانی ناوچەیەک لە کوردستان ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ .

٢. صدیق ، ئارام، دۆزی ژن و هەزارەی نوێ ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی گەنج ، سلێمانی ، ٢٠٠٥ .

٣. عەبدوڵلا ، د. عباس ساڵەح ، فیمینیزم لە شیعری کوردیدا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی بینایی ، سلێمانی ، ٢٠٠٩.

٤. عەبدوڵلا ، کنێر ، ژن لەبازنەیەکی داخراودا ، چاپخانەی تەوار ، سلێمانی ، ٢٠٠٥ .

٥. عومەر ، فاروق عەلی، و : تاریق کارێزی ، ڕۆژنامەگەری کورد لە عێراقدا ١٩١٤_١٩٣٩ ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، ٢٠٠١ .

٦. کۆمەڵێک نوسەر : و . کارزان محەمەد ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی تەوار، سلێمانی ٢٠٠٨ .

**٧. موكریانی ، د. کوردستان ، نا بۆ شوێنکەوتەیی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، ٢٠٠٢ .**

**٨. موكریانی ، هێمن ( دیوان ) ، کوردستان ، ٢٠٠٥ .**

**٩. مەزهەر ، د. کەمال ، ئافرەت لە مێژوودا ، چاپخانەی الحوادث ، بغداد، ١٩٨١ .**

**١٠. هەریری ، محەمەد ، و: عەبدولسەتار باغرەمەیی ، ئافرەتی کورد لەژێر هەژموونی گوتاری فیمینیزمیدا ، چاپی ئەلیکترۆنی یەکەم ، ٢٠١٦ .**

**ب. گۆڤارەکان**

**١. حەمە جەزا ، ڕەوەند، بەراوردێک لە نێوان ژن و نیشتمان لە دوو هۆنراوەی هێمندا ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە (١٨٩) ، ٢٠١٣ .**

**٢. سابیر،ڕەفیق و میراودەلی، کەمال،چاوپێکەوتنێکی بڵاونەکراوە لەگەڵ هێمنی شاعیردا،گۆڤاری کوردۆلۆجی ، ژمارە (٢)، ٢٠٠٩.**

**٣. سەلیم ، نارین، کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی بزاڤی ژنان ، گۆڤاری کاروان ، ژ (٢٣٩) ، ٢٠٠٩ .**

**٤. قادر ، د. فەرهاد ، سێکس و پیری و گۆشەگیری ، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٢٣)،٢٠١٢ .**

**٥. قانع ، مەریوان وریا ، سەرەتایەک دەربارەی فیمینیزم ، گۆڤاری رەهەند، ژمارە (١٨و١٩)، ٢٠٠٦ .**

**٦. موكریانی ، د. کوردستان، ژن لەناو هۆنراوەکانی مامۆستا هێمندا، گۆڤاری بەیان ، ژمارە (٢٦) ، ١٩٧٥ .**

**ج. نامە زانکۆییەکان**

**١. کەریم ، ئاوات ڕەحیم ، دەقی شیعریی ئافرەتی کورد (١٩٧٠-١٩٩١ ) ، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە ، کۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان ، زانکۆی گەرمیان ، ٢٠١٧.**

**٢. نوری ، مژدە ئیسماعیل ، وێنەی بابەتی لە هۆنراوەکانی هێمندا ، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە ، کۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان ، زانکۆی گەرمیان ، ٢٠١٧ .**

**٢. عەرەبییەکان**

١. ادموندز ، ت : جرجيس فتح الله ، كرد و ترك وعرب ، دار اراز للطباعة و النشر ، بغداد ، ١٩٧٢ .

٢. حاجي ، مغديد ، صفحات من حياة الملا محمد الكبرى ( **مەلای گەورە** ) ، الطبعة الثانية ، اربيل ، ٢٠٠٨.

٣. حسين ، **د.** رحيم عليوي ، النسوية في الشعر العراقي الحديث ، الطبعة الأولى ، العارف للمطبوعات ، بيروت ، ٢٠١٦ .

٤. خصباك ، د . شاكر ، الاكراد دراسة جغرافية اثنوغرافية ، مطبعة شفيق ، بغداد ، ١٩٧٢ .

٥. معروف ، **د.** ابراهيم طاهر ، المرأة الكردية و دورها في المجتمع الكردي ، الطبعة الأولى ، اربيل ، ٢٠٠٤ .

**<u>Sources</u>**

**ONE: Kurdish**

**A: Books**

Abdullah ,Abbas Salih, (2009),Feminism in Kurdish poetry,first edition,Binayee printing press,Sulaimany.

Abdullah ,Kiner,(2005),woman in closed circle ,Tawar printing press,Sulaimany.

Hariri ,Muhammad Abdulstar, Baghmaye, (2016) ,Kurdistan woman under the feminism discourse,first electronic edition.

Mukryani ,Hemn (2005) (Diwan) Kurdistan.

Mukryani (2002) Kurdistan,not for the impression (imitation),Ministry of Education printing press,.

Mazhar ,Kamal, (1981) ,Woman in history,Hawadith printing press,Baghdad.

Omer ,Faruq Ali,and : Tareeq Karezy, (2001) , Kurdish pressing in Iraq from 1914 to 1929,first edition,Hawler.

Sdiq,Aram, (2005) ,Women's issue and the new millennium,first edition,Ganj printing press.

Some writers,Trans:Karzan Muhammad(2008)first edition,Tawar-printing press,Sulaimany.

Son,Trans: Mina, (2007)Sulaimany part of Kurdistan,Sulaimany.

**B-Journals:**

Jaza, Rawand Hama, (2009) , A comparison between woman motherland in the two poems of Hemn,Raman Journal Issue (189).

Mukryani,( 1975) Kurdistan woman im mamosta Hemins poems,Bayan Journal Issue (26).

Qadir, Farhad, ( 2013) Sex oldage and recluseness,Koya university Journal Issue (23).

Qaniaa, Mariwam Wria,( 2006) A preface about feminism,Rahand Journal Issue (18 & 19).

Sabir, Rafiq and Mirawdaly,Kamal, (2009) Unpublished interview with the poet Hemin,kurdology Journal Issue (2).

Saleem, Nareen,( 2009) A short history about woman movement,Karwan Journal Issue (239).

**C-University reasearches:**

Kareem A,wat Raheem, (2017) (Poetry texts of Kurdish woman) Unpublished Master Thesis,College of Language and Human sciences,University of Garmian.

Nuri ,Mzhda Ismail, (2017) Subjective images in Hemins poems,unpublished master thesis,College of Language and Human sciences,Garmian University.

**TWO: Arabic References**

Admondz,Trans: Nazr Jarjis Fathullah(1972) Kurds,Turkish and Arabs,Aras printing press,Baghdad.

Hussein,.Rahim Alewi, (2016) Feminism in Iraqi new poetry,first edition,Arif printing press,Beirut.

Khasbak, Shakir (1972) A Study of the geography and anthropology of kurds,Shafeeq printing press,Baghdad.

Maghdid,Haji ( 2008) Papers of the great Mulla Muhammads life,second edition,Erbil.

Maruf .Ibrahim Tahir (2004) Kurdish woman and their role in Kurdish community,first edition,Erbil,.